# دایکی بڕواداران (سەودەی کچی زەمعە)

## (خوای لێ رازی بێت)

# خاوەنی دوو کۆچ

دایکی ئەلەند

=====================================

لە بڵاوکراوەکانی

ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - کوردستان - کەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين ٠

## سەودەی کچی زەمعە (خوای لێ ڕازی بێت):

ئێستاش لەگەڵ ئەستێرەیەکی گەشاوە بەنوری ئیسلام، هاوەڵێکی بەڕێز خاوەنی دوو هیجرەتو باوەڕێکی بەهێزو هەڵوێستی بەرز، دایکی باوەڕداران، ئەویش خاتوو (سەودەی کچی زەمعەی کوڕی عبدالشمس ی کوڕی عبدالودی عامریە) لەبنەماڵەیەکی قورەیشیە دایکیشی (شەمسەی کچی قەیسی کوڕی زەیدی کوڕی عامڕە).

ئافرەتێکی ڕەوشت بەرزو پاکو ڕاستو بەردەوامو چەسپاو بووە لەکارەکانی،

هەرچەندە داب ونەریتێکی باوبوو لەناو قورەیش بەڵام ئەم هەمیشە ڕقی لە کڕنووش بردن بووە بۆ بتە بێ سودەکان، سەودە جوانیەکی ئاسایی هەبووە نەزۆر جوانو نەزۆر ناشیرین بوو .

شووی کرد بە ئامۆزاکەی (سەکرانی کوڕی عەمر رضي الله عنه) برای هاوەڵی بەڕێز (سوهەیلی کوڕی عەمر رضي الله عنه) ژیانێکی زۆر سادەو ئاسودە ژیاوە، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام وهەرزوو باوڕیان هێناو لە موسڵمانە پێشەنگەکان بوون.

دوا ی ئەو ئازارە زۆرەی کە لەلایەن قورەیشیەکان تووشی بوو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمانی پێکردن بچن بۆ حەبەشە چونکە ئەوێ پادشایەکی لێیە ستەم لەکەس ناکات بۆ ئەوەی ئاینەکەیان پارێزراوبێ تاخوای گەورە ڕەحمیان پێدەکاتو ڕزگاریان دەکات لەدەست زوڵم وستەمی بێ باوڕان، ئەم کۆچ کردنە یەکەم کۆچ کردن بوو لە ئیسلام، سەودە لەگەڵ هاوسەرەکەی ئارامگرو خۆڕاگربوو زۆر ئازاری دووریان چەشت، لەگەڵ ئەمەش زۆری پێنەچوو(سەکرانی) هاوسەری مرد زۆر لەدووری ئەو دڵتەنگ بوو، خاتوو سەودە زۆر لەحەبەشە نەمایەوە گەڕایەوە مەککە بەڵام هیچ شوێنی نەبوو ڕووی تێ بکات ناچار گەڕایەوەماڵی باوکی کەهێشتا باوەڕیان نەهێنابوو، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەم هەواڵە زۆر دڵتەنگ بوو، ئەوەش لەکاتێك بوو خاتوو خەدیجە (خوای لێ ڕازی بێت): کۆچی دوایی کردبوو.

## شوو کردنی خاتوو سەودە بە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم:

لەکاتێکدا خاتوو خەدیجە(خوای لێ ڕازی بێت) کۆچی دوایی کرد هاوسەری بەوەفاو دڵسۆزی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کاریگەری زۆری لێکرد هەموو کات بیری لای ئەوبوو، وەهیچ یەکێك لەهاوەڵان نەیاندەتوانی داوای ئەوەی لێبکەن ژن بهێنێ هەرچەندە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم زۆر پێویستی بەئافرەتێك بوو پشتیوانی بکاتو کاروباری ماڵەوەی بۆ هەڵسوڕێنێو منداڵەکانی بۆ پەروەردە بکاتو تەنها کەمێکیش ئەم بۆشاییەی بۆ پڕ بکاتەوە.

بەڵام (خەولە) (خوای لێ رازی بێت) ئافرەتێکی باوەڕداڕو ڕاستگۆو چاونەترس بوو یەکێك بوو لە کۆچ کردووەکان لەگەڵ هاوسەرەکەی (عثمانی کوڕی مضعونﷺ) ومهاجرەکان کۆچی کرد بوو بۆ مەدینە، زۆر غەمبار بوو بۆ حاڵی پێغەمبەروﷺ منداڵەکانی بۆیە ڕۆژێك چووە لایو پێی ووت: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ژن ناهێنی؟

پێغەمبەرﷺ بەدڵێکی زۆر بەغەم فەرمووی: کێ هەیە جێگەی خەدیجەم بۆ بگرێتەوە ئەی خەولە؟

خەولە ووتی: ئەگەر بتەوێ ژن یان ئەگەر بتەوێ کچ! !

پێغەمبەرﷺ فەرمووی: ئەو کچە کێیە؟ خەولە (خوای لێ رازی بێت) وتی: کچی خۆشەویستترین هاوڕێتە (ئەبو بەکری صدیق ﷺ) .

کەمێك بیری کردەوەو فەرمووی: ئەی ژنەکە کێ یە؟

ووتی: سەودەی کچی زەمعە (خوای لێ رازی بێت).

پێغەمبەرﷺ فەرمووی بۆم بخوازە.

پێغەمبەرﷺ عائیشەی (خوای لێ رازی بێت) مارە کردو سەودەی گواستەوە، چونکە عائیشە لەتەمەنێك بوو هێشتا منداڵ بوو.

ئەم دەنگو باسو هەواڵە لەناو خەڵکی زۆر بەگەرمی بڵاوبووەوە، هەرکەسێك ئەم هەواڵەی بزانیایە تووشی شۆك ئەهات وسەرسام ئەبوو، ئەیانووت چۆن پێغەمبەر ﷺ ئافرەتێکی بەم شێوەیەی خواستوە تەمەنی گەورەو جوانیەکی وەهای نییەو هەژارە ! !....

چۆن ئەم سەودەی (خوای لێ رازی بێت)  خواستوە لەدوای خەدیجە (خوای لێ رازی بێت) کەخاوەن جوانیو سامانو گەورە خانمی قورەیش بوو! ؟......

بەڵام هەرکەسێ لەخواترس بێ خوای گەورە دەرگای لێ ئەکاتەوە بەشێوەیەك کە هەستی پێناکات، پێغەمبەرﷺ کارەکانی پڕە لەحیکمەتو زانایی، زۆر بەزەیی بە خراپیو لاوازی حاڵی خاتوو سەودە ئەهاتەوە، وە بیری کردەوە منداڵەکانی پێویستیان بە ئافرەتێکی بە تەمەنو لەخواترس بوو چونکە ئەو کات خاتوو ڕوقییە (خوای لێ رازی بێت) شووی کردبوو بە خەلیفە عوسمانی کوڕی عەفانﷺ، کەس نەبوو خزمەتیان بکاتو ئەم بارە لەسەر شانی پێغەمبەرﷺ سووك بکات، چونکە ئەو بۆ گەیاندنی پەیامی خوا بە تەواوی مرۆڤایەتی نێردراوە.

## بوو بەدایکی ئیمانداران:

خوای گەورە لەدونیا پاداشتی خۆڕاگریو مل کەچ نەکردنی خاتوو سەودەی(خوای لێ رازی بێت) بۆ بێ باوەڕان دایەوە، شەرەفێکی گەورەی پێ بەخشیو کردی بە هاوسەری کۆتا پێغەمبەرو دایکی ئیمانداران.

پێغەمبەرﷺ دەیزانی هیچ ئافرەتێك ناتوانێ شوێنی خاتوو خەدیجە (خوای لێ رازی بێت) پڕ بکاتەوە، بەڵام خاتوو سەودە(خوای لێ رازی بێت) کاتێ چووە ماڵی پێغەمبەرﷺ ئافرەتێکی نەرمو نیانو لەسەرخۆ بوو زۆر بەباشی

خزمەتی منداڵەکانی ئەکرد هەرچەندە ئافرەتێکی لاشە قورس بوو زۆر هەوڵی ئەداو هەموو توانای ئەخستە گەڕ بۆ ئەوەی لەجێی ئەم ئەرکە بێت کەپێی سپێردراوە، وەهەوڵی ئەدا خۆشیو بەختەوەری بخاتە ئەم ماڵە پیرۆزە، ئەگەڕا لە هەواڵێك دڵی ئەندامانی ئەم ماڵە خۆش بکات بۆیە زۆر لە هەواڵی خاتوو ڕوقییە (خوای لێ ڕازی بێت) وئیمامی عوسمانیﷺ ئەپرسیو بۆیانی ئەگێڕایەوە چونکە ئەوان (ڕەزای خوایان لێ بێ) کۆچیان کرد بوو بۆ (حەبەشە) پێغەمبەرﷺ بەبیستنی هەواڵیان زۆر دڵخۆش ئەبوو، خاتوو سەودە (خوای لێ ڕازی بێت) بەقسە خۆشەکانی ئەم ماڵە پیرۆزەی شاد کرد بوو، وە پێغەمبەر ﷺ زۆر ڕێزی تەمەنی ئەگرتو ئاگای لەدڵی بوو.

## هەڵوێستێکی ناوازە:

سەودەی دایکی باوەڕداران (خوای لێ ڕازی بێت) هەڵوێستی ناوازەی هەبوو گەورەیی دەرئەکەوت بەو کارانەی ئەنجامی ئەدا، وەك زانراوە ماناو مەبەست لە ژن هێنانو بنەماکەی بەپلەی یەکەم دامەزراوە لەسەر چێژ وەرگرتن لەلایەنی سۆزو ویژدانەوە ئینجا لەدوایی مەبەستەکانی تر.....بەڵام لەم بارودۆخە سەیری کرد خاتوو (سەودە) (خوای لێ ڕازی بێت) ناتوانێ ئەم هەقە بدات تەمەنیشی زۆر گەورە بووە بۆیە پێغەمبەر ﷺ نەیدەتوانی خۆشەویستی خۆی بۆ دەربڕێ ئەمەش هەقی هەموو ئافرەتێکە بۆیە خاتوو (سەودە) (خوای لێ ڕازی بێت) ئەیزانی پێغەمبەرﷺ بەزەیی پێدا هاتۆتەوەو بۆ ڕێزگرتن لەباوەڕەکەیو خۆڕاگرییەکەی خواستویەتی، پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەی لەم حاڵەتی شەرمەزاریە ڕزگاری بکات نەیدەویست بێ بەشی بکات لەهەقی خۆی بۆیە شەوێك پێغەمبەرﷺ لەلای دانیشت زۆر بەحەکیمانەو بەنەرمی ئەم بارەی تێگەیاندو ویستی لێی جیابێتەوە بۆ ئەوەی خاتوو سەودەش (خوای لێ ڕازی بێت) هەقی نەڕوات، بەڵام خاتوو (سەودە) (خوای لێ ڕازی بێت) بە پێغەمبەریﷺ فەرمووی: (ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ تەڵاقم مەدەو با لەژێر سێبەری تۆ بمێنمەوە، چیم نەماوە لەژن ومێردایەتی، بەڵام ئاواتەخوازم ئەم شەرەف وڕێزە لەدەست نەدەم کەخوای گەورە پێی بەخشیومو وەك خێزانی تۆ زیندو بکرێمەوە لە ڕۆژی دوایی).

پێغەمبەریشﷺ ڕازی بوو.

سێ ساڵ دوای ئەو پێغەمبەرﷺ خاتوو عائیشەی (خوای لێ ڕازی بێت) هێناو خاتوو سەودە (خوای لێ ڕازی بێت) دڵی پڕ بوو لەئیمانو خاوەن دڵێکی فراوان وهەڵوێستی ناوازە بوو... شەوەکانی بۆ خاتوو عائیشە ڕەت کردەوە، خوای گەورە لەبەر ئەم هەڵوێستەی ئایەتی نارده خوارەوە دەفەرمووێ:

﴿وَإِنِ ٱمۡرَأَةٌ خَافَتۡ مِنۢ بَعۡلِهَا نُشُوزًا أَوۡ إِعۡرَاضًا فَلَا جُنَاحَ عَلَيۡهِمَآ أَن يُصۡلِحَا بَيۡنَهُمَا صُلۡحًاۚ وَٱلصُّلۡحُ خَيۡرٌ ١٢٨﴾ (النساء) .

خاتوو عائشە لە تەفسیری ئەم ئایەتە دەفەرمووێ: ئەگەر ژنێك لای پیاوێك بێتو نەتوانێ کاری پێویست ئەنجام بدات پیاوەکە ئەیەوێ لێی جیابێتەوە ئەویش دەترسێ تەڵاق بدرێ ئەڵێ حەز ناکەم تەڵاقم مەدە ئەگەر دەتوانی چارەسەرێکم بۆ بدۆزیتەوە .

## کۆچ کردنی دووەمی بۆ (مەدینە):

خاتوو سەودە(خوای لێ رازی بێت) لەمەککە مایەوە تاخوای گەورە ڕێگای بە پێغەمبەرﷺ دا کۆچ بکات بۆ مەدینە،...کاتێ جێگیر بوون دوو حوشتری دا بە(ڕافع) بچێ هەریەك لە سەودەی دایکی ئیمانداران‌و (فاطمە و ئوم کلثوم)ی کچی‌و ئوم ئەیمەن‌وئوسامەی کوری زەید (خوایان لێ رازی بێت) بێنن بۆ مەدینە بەمە خاتوو سەودە (خوای لێ رازی بێت) دووجار کۆچی کرد بۆ مەدینە لەپێناو بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خواو بێغەمبەرەکەی بووبە خاوەنی دوو کۆچ، خێرو بەرەکەت ڕووی تێکردن‌و پێغەمبەرﷺ هەموو خێزانەکانی تری هێناوە یەك لەدوای یەك بۆ ئەوەی پەیامە پیرۆزەکەی بەدونیا بگەیەنێ. خاتوو سەودە (ڕەزای خوای لێ بێ) پایە بەرزو لەخواترس بوو کاتەکانی بە قورئان خوێندن‌وناسینی فەرموودە بەسەر ئەبرد وە زۆر فەرموودەی گێڕاوەتەوە، زۆر دڵ‌و دەروون فراوان بووە هەر شتێکی دەست بکەوتایە بە هەژارانی ئەبەخشی، جارێك ئیمامی عومەر رضي الله عنه دوای کۆچ کردنی پێغەمبەر ﷺ پارەی بۆ نارد هیچی نەگێڕایەوەو داویەتی بەهەژاران، تێکۆشاوەو هیجرەتی کردوە لەشەڕی خەیبەر وەك برین پێچ‌و ئاو دان بەموجاهیدەکان بەشداری کردووە .

زۆر بەهێمنی هەموو کاتەکانی خەریکی ئەنجام دانی پەرستن بووە بەختەوەری‌و ئارامی لەسەر ئاسمانی ئەودا بەدی ئەکرا، بەڵام ئەم بارودۆخە بەردەوام نەبوو چونکە پێغەمبەرﷺ کۆچی دوایی کرد زۆر کاریگەری لەسەر هەبوو زۆر دڵتەنگ بوو چونکە زۆری خۆشی ئەویست بەڵام ئارامی گرت .

ژیانی بەردەوام بوو تا سەردەمی خەلافەتی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتتاب رضي الله عنه) لەگەڵ خەلیفە ئەبو بەکر رضي الله عنه زۆر ڕێزیان ئەگرت‌و چاودێریان ئەکرد، لە تەمەنی هەشتا ساڵی گیانی پاك‌و بێگەردی گەڕایەوە بۆ لای خوای گەورەو کۆچی دوایی کرد.

هەرچەندە کۆچی دوایی کرد بەڵام بووە پێشەنگ بۆ ئافرەتە باوەڕدارەکان لەهەموو کات‌و سەردەمێك خوای گەورە ڕەحمی پێ بکات ولێی ڕازی بێت.

**وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى اله وصحبه اجمعين.**

==================================

**ماڵپەڕی بەهەشت**

**www.ba8.org**

**لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن**